# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٠١)    ساڵی بیست و سێ    ٤ نیسان ٢٠٢٣ زایینی    ١٥ خاکەلێوە ٢٧٢٢ کوردی    ١٣رەمەزان ١٤٤٤ کۆچی

301



لا

**یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢** ١

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨

**بڕیاری ژمارە (١٩٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٧

پەسەندکردنی پەیڕەوی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣

**پەیڕەوی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٨

پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ١١

ڕێنمایی سەپاندنی پێبژاردن و سزاکان لە بارەی ڕێکخستنی هێنان و دروستکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ١٩

ڕێنمایی کارکردنی پزیشکانی تایبەت بە بیستن و ئاخاوتن وهاوسەنگی (پسپۆری ئۆدیۆلۆجی)

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٢١

تایبەت بە دامەزراندنی سندوقی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٢٢

هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٤

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٢٣

خەرج کردنی کرێی وانە ووتنەوە و کرێی لیژنەکان لە پەیمانگەی دادوەری

**بڕیاری گومرگی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٢٥

**بەیانی ژمارە ( ٤ - ٥ )ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٦

**بەیانی ژمارە (٤ - ٥ - ٦ - ٧ - ٨ - ٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٢٧

**بەیانی ژمارە (٩ - ١٠ - ١١ - ١٢ - ١٣ - ١٤ - ١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٢٨



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

نرخی ١٥٠٠ دینارە

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣٠١) السنة ثلاثة وعشرون ٤ نيسان ٢٠٢٣ م. ١٥ خاكەلێوە ٢٧٢٢ ك. ١٣ رمضان ١٤٤٤ هـ.

301

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



**القانون رقم (١٧) لسنة ٢٠٢٢** ص

قانون التعديل الأول لقانون مجلس الشورى ٢٩

لإقليم كوردستان - العراق رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٨

**نظام رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٣ رئاسة مجلس الوزراء** ٣٤

نظام المجلس الأعلى لهيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي

في إقليم كوردستان – العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط** ص

**قرار رقم (١٩٩) لسنة ٢٠٢٣ رئاسة مجلس الوزراء** ٧

**تعليمات رقم (١١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** ١١

**تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** ١٩

**تعليمات رقم (٢ – ٣ - ٤) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد** ٢١

**قرار گمرک رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد** ٢٥

**بيان رقم (٤ - ٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية** ٢٦

**بيان رقم (٤ - ٥ - ٦ - ٧ - ٨ - ٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الزراعة والموارد المائية** ٢٧

**بيان رقم (٩ - ١٠ - ١١ - ١٢ - ١٣ - ١٤ - ١٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة** ٢٨



No. 301 Date: April 4, 2023 Vol.: 23

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

سعر ١٥٠٠ دينار

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمــارە (٧)ی ســاڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاســای ســەرۆکایەتیی هەرێمی کوردســتان ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشــت بە یاســاکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/١ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شورای**
**هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨**

**ماددەی (١) :**

دەقی ماددەی (یەکەم)ی یاســاکە بەزیادکردنی بڕگەکانی (دووەم، پێنجەم، شــەشــەم) و گۆڕینی ڕیزبەندی بڕگەکان لەسەر ئەو بنەمایە هەموار دەکرێت ، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم**: **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم**: **وەزیر**: وەزیری دادی هەرێم.

**سێیەم**: **ئەنجومەن**: ئەنجومەنی شورای هەرێم.

**چوارەم**: **سەرۆک**: سەرۆکی ئەنجومەن.

**پێنجەم**: **ڕاوێژکار**: ڕاوێژکار لە ئەنجومەن.

**شەشەم**: **ڕاوێژکاری یاریدەدەر**: ڕاوێژکاری یاریدەدەر لە ئەنجومەن.

**ماددەی (٢):**

دەقی ماددەی (دووەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

ئەنجومەنێک لە هەرێم بە ناوی (ئەنجومەنی شورای هەرێمی کورستان - عێراق) دادەمەزرێندرێت، لە ڕووی کارگێڕییەوە ســەر بە وەزیر دەبێت، لە ســەرۆک و دوو جێگر، یەکێکیان بۆ کاروباری دادوەریی کارگێڕی ئەوی دیکەیان بۆ کاروباری یاســاکاریی و ڕاوێژکاریی، و ژمارەیەک ڕاوێژکار کە ژمارەیان لە (٨) هەشــت ڕاوێژکار کەمتر نەبێت و لە (١٢) دوازدە ڕاوێژکار زیاتر نەبێت، و ژمارەیەک ڕاوێژکاری یاریدەدەر کە لە نیوەی ژمارەی ڕاوێژکارەکان زیاتر نەبن، پێکدێت.

**ماددەی (٣):**
دەقی ماددەی (چوارەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
ئەنجومەن پێکدێت لە:-
**یەکەم: دەستەی گشتی:-**
١- دەستەی گشتی لە سەرۆک و هەردوو جێگر و ڕاوێژکارەکان پێکدێت، دانیشتنەکانی بەسەرۆکایەتی سەرۆک یان یەکێک لە جێگرەکانی کە سەرۆک دیاریدەکات، سازدەکرێت.
٢- دانیشتنەکانی دەستەی گشتی بە ئامادەبوونی ( ٤/٣ ) سێ لەسەر چواری ئەندامەکانی سازدەکرێت.
٣- بڕیارەکانی دەستەی گشتی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێت، و لە باری یەکسانبوونی دەنگەکان دەنگی سەرۆک یەکلاکەرەوە دەبێت.
٤- ڕاوێژکارانی یاریدەدەر بەشداری دانیشتنەکانی دەستەی گشتی دەکەن و مافی دەنگدانیان نییە.
**دووەم:دەستەی سەرۆکایەتی**: لەسەرۆک وجێگرەکانی و دوو دێرینترین ڕاوێژکاری ئەنجومەن پێکدێت
**سێیەم**: **دادگای کارگێڕیی باڵا**: بەسەرۆکایەتی سەرۆک یان ئەوەی رایدەسپێرێت لە ڕاوێژکاران، و ئەندامێتی (٤) چوار ڕاوێژکار و (٢) دوو ڕاوێژکاری یاریدەدەر پێکدێت، کە دە ستەی سەرۆکایەتی دەستنیشانیان دەکات. دەستەواژەی (دادگای کارگێڕیی باڵا) لە بواری پیادەکردنی تایبەتمەندییە دادوەرییەکان جێگەی دەستەواژەی (دەستەی گشتی) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.
**چوارەم**: **دادگای دادوەریی کارگێڕیی**: بە سەرۆکایەتی دادوەرێک لە پۆلێنی یەکەم و ئەندامێتی دوو دادوەر لە پۆلێنی دووەم یان سێیەم یان ئەندامێتی دادوەرێک و ڕاوێژکارێک پێکدێت، و دەستەواژەی (دادگای دادوەریی کارگێڕیی) جێگەی دەستەواژەی (دادگای کارگێڕیی) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایە و هەر یاسایەکی دیکەی بەرکار لە هەرێم هاتبێت.
**پێنجەم**: **دادگای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێم**: بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بۆ کاروباری دادوەریی کارگێڕیی و ئەندامێتی دوو لە ڕاوێژکاران پێکدێت کە دە ستەی سەرۆکایەتی دەستنیشانیان دەکات، و لە کاتی ئامادەنەبوونی جێگری سەرۆک، دێرینترین ڕاوێژکار سەرۆکایەتی دادگا دەکات، و دەستەواژەی (دادگای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێم) جێگەی دە ستەواژەی (دە ستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێمی کورد ستان - عێراق) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایە و هەر یاسایەکی دیکەی بەرکار لە هەرێم هاتبێت.
**ماددەی (٤):**
دەقی ماددەی (شەشەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
ئەنجومەن تایبەتمەند دەبێت بە ئەرکەکانی دادوەریی کارگێڕیی، ڕاوێژ و داڕشتن و ئامادەکردن و پێداچوونەوە و وردبینیکردنی پرۆژە یاساکان، و دەربڕینی ڕا و بۆچوون لەو پرسە یاساییانەی کە دامەزراوەکانی هەرێم ئاراستەیان دەکەن.

**ماددەی (٥):**
بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دوازدەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
**یەکەم**: پێویستە دادگای دادوەریی کارگێڕیی لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێم و بەپێی پێویستی بەرژەوەندی گشتی دابمەزرێت.
**ماددەی (٦):**
دەقی ماددەی (چواردەیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:- بڕیاری دادگای دادوەریی کارگێڕیی لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دواتری پێڕاگەیاندنی یان ئەژمارکردنی بە پێڕاگەیەندراو، لەلایەن تانەلێدەر یان نوێنەرە یاساییەکەی یان داواکاری گشتی دوای ئاگادارکردنەوەی، شیاوی تانەی پێداچوونەوەیە لە بەردەم دادگای کارگێڕیی باڵا و بڕیاری دادگاش لەم بارەیەوە بنبڕ دەبێت.
**ماددەی (٧):**
دەقی ماددەی (حەڤدەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
**یەکەم**: مەرجە بەر لە پێشکەشکردنی تانە بۆ دادگای دادوەریی کارگێڕیی، دادخوازیی بۆ بڕیارەکە لای ئەو لایەنەی بڕیارەکەی دەرکردووە یان سەرۆکایەتی ئەو لایەنەی بڕیارەکەی دەرکردووە بکرێت، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی کەسی خاوەن بەرژەوەندی بەبڕیارە کارگێڕییەکە یان ئەژمارکردنی بە پێڕاگەیاندراو، و پێویستە لە سەر ئەو لایەنە کارگێڕییەش لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی دادخوازییەکە تێڕوانینی بۆ بکات.
**دووەم**: لەکاتی تێنەڕوانین لە دادخوازییەکە یان ڕەتکردنەوەی لەلایەن لایەنی کارگێڕیی تایبەتمەندەوە، ئەوا پێویستە لەسەر کەسی دادخواز لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی ڕەتکردنەوەی دادخوازییەکەی بەڕاشکاویی یان بە حوکمی، تانەی خۆی پێشکەش بە دادگا بکات، بە پێچەوانەوە، مافی تانەلێدان لە بڕیارەکە لە دەستدەدات.
**سێیەم**: لە دەستدانی مافی تانەلێدان بەپێی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە ڕێگر نابێت لە داواکردنی قەرەبوو لەبەردەم دادگای دادوەریی کارگێڕیی لەو زیانانەی دەرئەنجامی ئەو بڕیارە پێیکەوتوون.
**ماددەی (٨):**
دەقی ماددەی (نۆزدەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە، و ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:-
**یەکەم**: دادگای کارگێڕیی باڵا تایبەتمەند دەبێت بەتێڕوانین لەمانەی خوارەوە:-
١- تانەدان لەو بڕیار و حوکمانەی لە دادگای دادوەریی کارگێڕیی و دادگای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێمەوە، دەردەچن.
٢- هەر ناکۆکیەک سەبارەت بە دیارکردنی تایبەتمەندی تێڕوانینی ئەو داوایەی دەکەوێتە نێوان دادگاکانی دادوەریی کارگێڕیی لە هەرێم یان لە نێوان دادگای دادوەریی کارگێڕیی و دادگای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێم.

٣- هەر ناکۆکیەک ســە بارەت بە جێبەجێکردنی دوو حوکمی پێچەوانەی یەکتری کە هەردووکیان پلەی بنبڕیـان وەرگرتووە و لە دادگـای دادوەریی کـارگێڕییەوە یـان لە دادگـای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێمەوە، لە یەک بابەتدا دەرچوون، ئەگەر لە نێوان هەمان لایەنەکانی داواکەدا بێت، یان یەکێکیان لایەن بێت لەم دوو حوکمە، لەم بارەدا بڕیاری پێشــخســتن و جێبەجێکردنی یەکێکیان دەدات بەبێ حوکمەکەی دیکە.

**دووەم:** لە کاتی تێڕوانین لە تانەدان لە بڕیارەکانی دادگای دادوەریی کارگێڕیی و دادگای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێم، پەیوەست بەو تایبەتمەندیانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە، دادگای کارگێڕیی باڵا ئەو تایبەتمەندیانە ڕیادە دەکات کە دادگای پێداچوونەوە بە ســیفەتی پێداچوونەوە پیادەیاندەکات، ئەوانەی لە یاسای دادبینیی شارستانی بەرکار لە هەرێم هاتوون.

**ماددەی (٩)**

دەقی ماددەی (بیستەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم:** دادگـای دادوەریی فەرمـانبەرانی هەرێم تـایبەتمەنـد دەبێـت بە تێڕوانین لەو داوایـانەی کە فەرمانبەر بەپێی هەردوو یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو و یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشــتی ژمارە (١٤)ی ســاڵی ١٩٩١ی هەموارکراو یان ئەوانەی جێگەیان دەگرنەوە یان هەر یاســا یان پەیڕەوێکی دیکە کە وەزیفەی گشــتی ڕێکدەخات، بەرزیان دەکاتەوە.

**دووەم:** دوای تێپەڕبوونی (٣٠) ســی ڕۆژ لە ڕێکەوتی ڕۆژی دوای پێڕاگەیاندنی بە بڕیار یان بڕیارە تانە لێدراوەکە ئەگەر لەناو عێراق بوو، (٦٠) شەست ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی عێراق بوو، فەرمانبەر مافی پێشکەشکردنی داوا بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە لەدەستدەدات.

**ســێیەم:** بڕیاری دادگای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێم لەو داوایانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێکراوە شــیاوی تانەلێدان دەبن لەلای دادگای کارگێڕیی باڵا لە ماوەی (٣٠) ســی ڕۆژ لە دوای پێڕاگەیـانـدن یـان دانـانی بە پێڕاگەینـدراو، و بڕیـاری دادگـای کـارگێڕیی بـاڵای دەرکراو لە ئەنجامی تانەلێدانەکە و بڕیاری دادگای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێم ئەگەر لە ماوەی یاســاییدا تانەی لێنەدرا، بنبڕ و پابەندکار دەبێت.

**ماددەی (١٠)**

ماددەی (بیست و یەکەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

حوکمی یاســاکانی دادبینیی شــارســتانی ژمارە (٨٣)ی ســاڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و یاســای بنەما دادگەرییە سزاییەکان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو، و یاسای سەلماندن ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو، و یاســای رســومی دادیی ژمارە (١١٤)ی ســاڵی ١٩٨١ی هەموارکراو، یان ئەوانەی شوێنیان دەگرنەوە، بەو شێوەیەی دەگونجێت لەگەڵ سروشتی ئەو داوایانەی تێڕوانینی بۆ دەکرێت لەلایەن هەریەک لە دادگـای کـارگێڕیی بـاڵا و دادگـای دادوەریی کـارگێڕیی و دادگـای دادوەریی فەرمانبەرانی هەرێم، پیادە دەکرێن.

**ماددەی (١١):**

دەقی ماددەی (بیست و دووەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

دەستەی سەرۆکایەتی ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات:-

**یەکەم**: ناردنی پرۆژە یاساکان و هەر داواکاریەکی نێردراو بۆی بۆ ڕا و بۆچوونی یاسایی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بۆ دەستەی گشتی بە مەبەستی تاوتوێکردنیان و دەرکردنی بڕیاری پێویست لەبارەیانەوە.

**دووەم**: ساڵانە، یان لە کاتێکی پێویستدا، ڕاپۆرتێک سەبارەت بە بوونی کەموکوڕی و ئاڵۆزی لە یاسا بەرکارەکان و زێدەڕۆیی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی کارگێڕیی، ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکات.

**ماددەی (١٢):**

دەقی ماددەی (بیست و سێیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**یەکەم**: سەرەڕای مەرجە گشتییەکانی دامەزراندن، دوای دەرچوونیان لە کۆلێژی یاسا پێویستە هەر یەک لە سەرۆک و جێگران و ڕاوێژکاران (٢٠) بیست ساڵ و ڕاوێژکارانی یاریدەدەر (١٥) پازدە ساڵ خزمەتی کردەییان لە ئەرکی دادوەریی یان پارێزەری یان یاسایی یان ئەکادیمی لەبواری یاسادا هەبێت.

**دووەم**: میکانیزمەکانی پاڵاوتنی سەرۆک و ڕاوێژکارەکان بە ڕێنماییەک ڕێکدەخرێت کە وەزیر دەریدەکات.

**ماددەی (١٣):**

سێ بڕگە بە زنجیرەی (سێیەم) و (چوارەم) و (پێنجەم) بۆ ماددەی (بیست و پێنجەم)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

**سێیەم**: هەر یەک لە سەرۆک و جێگرەکانی و ڕاوێژکاران، لەوانەی دادوەر نین، لەبەردەم سەرۆکی هەرێم سوێندی یاسایی دەخۆن، کە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: (سوێند بێت بەخوای مەزن، پابەندبم بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانم، و بە ڕاستگۆیی و دەسپاکی و دڵسۆزییەوە یاسا پیادە بکەم، و بەهەق حوکم بدەم).

**چوارەم**: هەر یەک لە سەرۆک و جێگرەکانی و ڕاوێژکار و ڕاوێژکارانی یاریدەدەر، پیادەی ئەرکی دادوەریی کارگێڕیی دەکەن بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە.

**پێنجەم**: بە ڕەچاوکردنی هەردوو مەرجی پۆلین و ماوە، ڕاژەی ئەو دادوەرانەی کە دوو ساڵ لە دادگای کارگێریی باڵا کاردەکەن، لە ڕێکەوتی دامەزراندنی ئەنجومەنەوە، بە ڕاژەی دادوەریی ئەژماردەکرێت، بۆ مەبەستی پیادەکردنی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٣٧)ی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧.

**ماددەی (١٤)**
بڕگەکانی (یەکەم) و (دووەم) لە ماددەی (بیست و شەشەم)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
**یەکەم:** سەرۆک بە پلەی تایبەت دەبێت و مووچە و دەرماڵەی بریکاری وەزارەت وەردەگرێت.
**دووەم:** جێگرانی سەرۆک و ڕاوێژکاران بە پلەی تایبەت دەبن و مووچە و دەرماڵەی ڕاوێژکار وەردەگرن.
**ماددەی (١٥)**
بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (بیست و حەوتەم)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
**یەکەم:** وەزیر بە ڕەزامەندی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆی هەیە (٤) چوار لە ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە لە زانکۆکانی هەرێم ئینتیداب بکات، لەوانەی بڕوانامەی دکتۆرایان لە یاسادا هەیە و پلەی زانستییان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نییە، ئەمەش بە ڕەزامەندی نوو سراوی خۆیان وەک ڕاوێژکاری خۆتەرخانکەر، بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ کە یارای نوێکردنەوەیە بۆ یەک جار، بۆ ئەم مەبەستەش هەمان ماف و شایستەی دارایی و جیاوگەکانی ڕوایژکاریی ڕاژەی هەمیشەیی ئەنجومەنیان دەبێت.
**ماددەی (١٦)**
دەقی ماددەی (سی و چوارەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-
**یەکەم:** وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.
**دووەم:** ئەنجومەن دەتوانێت پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ خۆی دەربکات.
**ماددەی (١٧)**
کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت .
**ماددەی (١٨)**
پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
**ماددەی (١٩)**
ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بۆڕێکخستنەوەی پێکهاتە و دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی ئەنجومەنی شورای هەرێم بەشێوەیەک لێهاتوویی و توانای خێرایی لە بوارەکانی دادوەریی کارگێریی و یاساکاریی و ڕاوێژکاریی یاسایی و ڕا دەربڕین دەستەبەربکات، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٢/٤/٣**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٢٧٧٣ لە ٢٠٢٣/٣/٦**

**بڕیار**
**ژمارە (١٩٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٥) لە یاسای متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٠٢) لە ٢٠٢٣/٢/٨، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە :

١- پەسەندکردنی پەیڕەوی (ئەنجومەنی باڵای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق) .

٢- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و پەیڕەوەکە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٣٥٨٤ لە ٢٠٢٣/٣/٢٦**

پشتبەستن بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٥) لە یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٠٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٨، ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد:

## پەیڕەوی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣
## پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**ماددەی (١):**

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم: یاسا:** یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێم ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢.

**چوارەم: دەستەی متمانەبەخشین:** دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێم.

**پێنجەم: ئەنجومەنی باڵا:** ئەنجومەنی باڵای دەستەی متمانەبەخشین.

**شەشەم: دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا:** دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەر بە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم و هەر دامەزراوەیەکی دیکەی پەروەردەیی یان خوێندن لە هەریەک لە کەرتی گشتی و تایبەت و هاوبەش لە هەرێم.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** ئەنجومەنێک دادەمەزرێت بە ناوی (ئەنجومەنی باڵای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێم) کە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت و خاوەنی سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی خۆی دەبێت و سەرپەرشتیی دەستەی متمانەبەخشین دەکات و پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانەبەخشین و ڕێسا و ڕێکسازییەکان بۆ جێبەجێکردنیان پەسەند دەکات لە چوارچێوەی یاسا، و پێکهاتەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا

٢. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا

٣. وەزیری پەروەردە ئەندام

٤. وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەندام

**دووەم:** ئەنجومەنی باڵا بۆی هەیە بانگهێشتی هەر وەزیرێک یان کەسێکی دیکە بکات لە شارەزایان و پسپۆڕان لەناو حکومەت یان دەرەوەی بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی بەپێی پێویست، بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**سێیەم:** ئەنجومەنی باڵا سکرتاریەتێکی دەبێت کە لەلایەن ئەمینداریکی گشتی بەڕێوەدەبرێت و بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا دادەمەزرێت، و پێویستە بە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت و شارەزا بێت و کاری کردبێت لە بواری دە سەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵا بۆ ماوەی (٧) حەوت ساڵ بەلایەنی کەمەوە و بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵا دەسەڵاتەکانی دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٣):**

ئەنجومەنی باڵا کار دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە:

**یەکەم:** پاراستنی کواڵێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە ڕێگەی برەودان بە کولتوری ڕۆشنبیریی هەڵسەنگاندن و بەرەوپێشچوونی بەردەوام بە ڕەچاوکردنی میکانیزم و پێوەرە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان لە دوای گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی تایبەتیی هەرێم و بە جۆرێک کە شیاوی جێبەجێکردن بێت.

**دووەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی و زانستیی دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە مەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی بەرپرسیار و وشیار و بەرهەمدار.

**سێیەم:** کارکردن لە پێناوی هێنانەدی هاوسەنگی لە کواڵێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە نێوان دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەریەک لە کەرتی گشتی و تایبەت و هاوبەش لە هەرێم.

**ماددەی (٤):**

ئەنجومەنی باڵا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات:

**یەکەم:** پەسەندکردنی پێوەر و سیاسەتی گونجاو بۆ متمانەبەخشین.

**دووەم:** پەسەندکردنی ڕێسا و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی پێوەر و سیاسەتی متمانەبەخشین.

**سێیەم:** پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی دەستەی متمانەبەخشین بەمەبەستی دەستنیشانکردنی پێکهاتەکانی و فەرمانگەکانی و لقەکانی و ئەرک و دەسەڵاتەکانیان کە لەلایەن دەستەی متمانەبەخشینەوە پێشنیار دەکرێت.

**چوارەم:** پەسەندکردنی بودجەی دەستەی متمانەبەخشین لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی هەرێم.

**پێنجەم:** دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەستەی متمانەبەخشین.

**شەشەم:** ڕەزامەندیدان لەسەر ئەو یارمەتی و بەخشین و کۆمەک و دیارییانەی دەبەخشرێت بە دەستەی متمانەبەخشین لە هەر سەرچاوەیەک بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە یاسادا هاتووە و دەستنیشانکردنی چۆنیەتی خەرجکردنی بۆ مەبەستەکانی یاساکە لە چوارچێوەی بودجەی دەستەی متمانەبەخشین.

**حەوتەم:** پەسەندکردنی هاوبەشە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی دەستەی متمانەبەخشین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکە کە لەلایەن دەستەی متمانەبەخشینەوە پێشنیار دەکرێت و دەستنیشانکردنی گونجاوترینیان بۆ هەرێم.

**هەشتەم:** هەر دەسەڵاتێکی دیکە کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە ئەنجومەنی باڵا دەسپێردرێت بۆ مەبەستەکانی یاساکە.

**ماددەی (٥):**

ئەنجومەنی باڵا بە پەیڕەوێکی ناوخۆیی میکانیزمی بانگهێشت بۆ کۆبوونەوەکان و ئامادەکردنی کارنامە و کۆنووس و بڕیارەکان و میکانیزمی بڕیاردان دەستنیشان دەکات.

**ماددەی (٦):**

جگە لەوەی پەیوەندیدارە بە دانانی پێوەری متمانەبەخشین و هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، پێکهاتەکانی هاتوو لە یاساکە و ئەم پەیڕەوە جێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ناگرنەوە سەبارەت بە دەسەڵاتەکانیان بەپێی یاسای تایبەتی ئەو وەزارەتانە.

**ماددەی (٧):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٨):**

ئەم پەیڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم پەیڕەوە**

لە پێناوی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان _ عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢، ئەم پەیڕەوە دەرچوێندرا.

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٤٢١٢ لە ٢٠٢٣/٣/٩**

پاڵپشت بە ئەحكامی ماددەی (١٠٥) لە یا سای تەندرو ستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ی بەركار لە هەرێمی كورد ستان و مادده (٥٩) لە یا سای دە ستدانە پیشەی دەرمانسازی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠ی بەركار لە هەرێمی كوردستان و مادده (٢) بڕگەی بیستەم و مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە ( ١٥) ساڵی ٢٠٠٧ و بە مەبەستی ئاسانكاری لە جێبەجێ كردنی ئەم یاسایانەی سەرەوە بڕیارماندا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی سەپاندنی پێبژاردن و سزاكان لە بارەی ڕێكخستنی هێنان و دروستكردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشكی**

**ماددەی (١):پێناسەكان**

مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە واتاكەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە:

**یەكەم : هەرێم** : هەرێمی كوردستان – عێراق.

**دووەم : ئەنجومەنی وەزیران** : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان.

**سێیەم: وەزارەت** : وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم : وەزیر** : وەزیری تەندروستی هەرێم.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی**: بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆڵكردنی هێنانی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشكی لە هەرێم.

**شەشەم: بەڕێوەبەر**: بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆڵكردنی هێنانی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشكی.

**حەوتەم بەش:** بەشی چاودێری لەسەر بازاڕی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشكی.

**هەشتەم: لیژنە**: لیژنەكانی چاودێری لەسەر بازاڕی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشكی لە بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆڵكردنی هێنانی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشكی و پارێزگاكان و بازگەكان.

**نۆیەم: لیست**: لیستی دیاریكردنی پێبژاردن و سزاكان كە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە و بە بە شێك لەم ڕێنماییە ئەژمار دەكرێت.

**دەیەم**: **فۆرمی سەردانیكردن و هەڵسەنگاندن**: فۆرمی تایبەت بە لیژنەكانی چاودێری لەسەر بازاڕی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشكی كە هاوپێچی ئەم ڕێنماییە و بە بەشێك لەم ڕێنماییە ئەژمار دەكرێت.

**ماددەی (٢):** لیژنەکانی چاودێری لەسەر بازاڕی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی ئەم کارانەی خوارەوە ئەنجامدەدات:

١-پشکنین و چاودێریکردنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی دروست کراو و هاوردەکراو .

٢-ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ کارگە، کۆمپانیا، کۆگای دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی ، دەرمانخانە یان هەر شوێنێك کە مامەڵە بە دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی بکات.

٣-لیژنە هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی کۆنووسی چاودێری و پشکنین و ژمارەی ئەندامەکانی و واژووکردنیان و سەرجەم ئەو زانیاریانەی تایبەتە بەو شوێنەی کە دەچێتە ژێر باری چاودێری و پشکنین و هەر سەرپێچیەک کە لیژنە تێبینی دەکات و ڕاسپاردەکانی لێژنە.

٤-لیژنە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی هەر کارێك بە مەبەستی جێگیرکردنی ئەو ڕاستیانەی کە بەرامبەری دێتە ئاراوە لە سەرپێچیەکان و چۆنیەتی دەست بەسەرگرتنی سەرپێچیەکە بە مەبەستی بەکارهێنانیان وەک بەڵگەی ماددی بۆ سەرپێچیەکە.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** لیژنە پێویستە لە دوای ئەنجامدانی پشکنین و بەدواداچوون فۆرم و ڕاپۆرتی خۆی بەرزبکاتەوە بۆ بەڕێوەبەر بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێککاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکاران.

**دووەم:** لەکاتی دەست بەسەر داگرتنی بەرهەمی دەرمانسازی وپزیشکی ساختە پێویستە لیژنە ڕابسپێرێت بەدەست بەسەرداگرتنی ئەو کەل وپەل وماددانەی کە لە دروستکردنی بە کار هاتووە.

**سێیەم:** لیژنە پابەند دەبێت بە فۆرمی ( سەردانیکردن و هەڵسەنگاندن).

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** نابێت هەمان پیبژاردن یان سزا بسەپێنرێت لە کاتی دووبارەبوونەوەی سەرپێچی و پێویستە پیبژاردن یان سزا یێکی قورستر بسەپێنرێت.

**دووەم:** سەپاندنی سزا بەپێی ئەم ڕێنماییە ڕێگر نیە لە گرتنەبەری ئەو ڕێککارە یاساییانەی کە لەیاسا و ڕێنماییەکانی پەیوەست بەبابەتی دەرمان و ئامێر وپێداویستی پزیشکی هاتووە یان دەردەچێت.

**سێیەم:** لە کاتی دووبارەبوونەوەی سەرپێچی لە (٢) دوو جار زیاتر ئەوا پێویستە لیژنە سەرپێچیکار ڕەوانەی دادگا بکات دوای کردنەوەی دۆسیەی لێکۆڵینەوە.

**ماددەی (٥):**

لیژنەکانی تایبەت بە پێدانی ڕێگەپێدان و پێدانی مۆڵەت و لێژنەی زانستی پێویستە ئاگاداری بەشی یاسایی بکەنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی وەرگرتنی بەڵێنامە بە پێی ناوەڕۆکێك کە لە لایەن ئەو لیژنانەوە دیاری دەکرێت یان پێبژاردن بە بڕی ( ٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیون دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت لە هەر بابەتێک کە لە لیستی هاوپێچی ئەم ڕێنماییەدا نەهاتووە.

**ماددەی (٦):**

لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی پێویستە کار بە ڕێنمایی (ڕێبەری لە ناوبردن و ڕیسایکل کردنی بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢٣ دەکرێت.

**ماددەی (٧):**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم ڕێنماییە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٨):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێدەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

| لایەن و شوێنی سەرپێچیکار | جۆری سەرپێچی | سزا و ڕێکاری یاسایی | پێبژاردن بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|---|
| کۆمپانیاکان | (بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی) ساختە | ١- داخستنی شوێنەکە بەپێی دەسەڵاتی وەزارەت<br>٢- دەست بەسەر داگرتنی ماددەکە.<br>٣- کردنەوەی دۆسیەی لێکۆلینەوە | |
| | (بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی) قاچاغ | ١- داخستنی شوێنەکە بەپێی دەسەڵاتی وەزارەت.<br>٢- دەست بەسەر داگرتنی ماددەکە.<br>٣- کردنەوەی دۆسیەی لێکۆلینەوە. | |
| کۆمپانیای بواری بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی | فرۆشتنی دەرمان بەبێ مۆڵەتی بەکارهێنان | ئەگەر بۆ جاری یەکەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ.<br>٢- پێبژاردن بۆ هەر مادەیەک<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٩) ڕۆژ<br>٢- پێبژاردن بۆ هەر مادەیەک دوو هێندە دەبێت<br>٣- وەرگرتنی بەڵێنامەی یاسایی | (٢,٥٠٠,٠٠٠)<br>(٥,٠٠٠,٠٠٠) |
| | پابەند نەبوون بە بەکارهێنان و لکانی ستیکەر | ئەگەر بۆ جاری یەکەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ.<br>٢- پێبژاردن بۆ هەر مادەیەک<br>٣- پابەن بوونی بە لکانی ستیکەر<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٩) ڕۆژ<br>٢- پێبژاردن بۆ هەر مادەیەک دوو هێندە دەبێت.<br>٣- وەرگرتنی بەڵێنامەی یاسایی | (٢,٥٠٠,٠٠٠)<br>(٥,٠٠٠,٠٠٠) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆمپانیای بواری بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی | فرۆشتنی دەرمان کە لە پشکنینی تاقیگەی دەرنەچووبێت (not comply) | ١- کێشانەوەی دەرمانەکە لە بازار لەسەر ئەستۆی سەرپێچیکار<br>٢-لەناوبردنی دەرمانەکە بەپێی یاسا و رێنماییەکان<br>٣- پێبژاردن بۆ هەر ماددەیەک<br>٤-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣) سێ رۆژ<br>٥-وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی<br>*ئەگەر سەر پێچیەکەی دووبارە کردەوە:<br>١- کردنەوەی دۆسیەی لێکۆلینەوە | (٣,٠٠٠,٠٠٠) |
| | لێدانی ستیکەر بە (هەڵە ماددیەک لە ماددەیەکی تر) | *ئەگەر ئەو ماددەیەی کە ستیکەری لێدراوە مۆڵەتی بەکارهێنانی هەبوو.<br>ئەگەر بۆ جاری یەکەم بوو:<br>١-پێبژاردن بۆ هەر کەیسێک<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١-وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی<br>٢-پێبژاردن بۆ هەر کەیسێک دوو هێندە دەبێت<br>*ئەگەر ئەو ماددەیەی کە ستیکەری لێداوە مۆڵەتی بەکارهێنانی نەبوو.<br>١- کێشانەوەی ماددەکە لە بازار وە ناردنی ماددەکە بۆ مۆڵەتی بەکارهێنان<br>أ- ئەگەر ماددەکە لە مۆڵەتی بەکاهێنانی وەرگرت<br>ئەگەر جاری یەکەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣) رۆژ<br>٢- پێبژاردن بۆ هەر کەیسێک<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٩) نۆ رۆژ<br>٢- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی<br>٣- پێبژاردن بۆ هەر کەیسێک دوو هێندە دەبێت<br>ب- ئەگەر ماددەکە مۆڵەتی بەکار هێنانی وەرنەگرت<br>١-داخستنی شوێنەکە بەپێی دەسەڵاتی وەزارەت<br>٢- کردنەوەی دۆسیەی لێکۆلینەوە | (٢,٥٠٠,٠٠٠)<br>(٥,٠٠٠,٠٠٠)<br>(٢,٥٠٠,٠٠٠)<br>(٥,٠٠٠,٠٠٠) |
| | لەکاتی سەردانی کردنی لیژنەی چاودێری بازار بۆ کۆمپانیای بواری دەرمانسازی و پزیشکیەکان تایبەت بە مەرجی کۆگاکردن | *ئەگەر هەر مەرجێکی کۆگاکردنی نەبوو:<br>١-وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی<br>٢- پێبژاردن کردن لە بەرامبەر نەبوونی هەر مەرجێک | (٢٥٠,٠٠٠) بۆ (٥٠٠,٠٠٠) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆمپانیای بواری بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی | فرۆشتنی دەرمان بە نۆرینگە لاکۆلانەکان | ئەگەر جاری یەکەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣)سێ رۆژ<br>٢- پێبژاردن بەپێی کەیس<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٩) نۆ رۆژ<br>٢- پێبژاردن بۆ هەر کەیسێک دوو هێندە دەبێت<br>٣- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی | (٥,٠٠٠,٠٠٠)<br>(١٠,٠٠٠,٠٠) |
| | فرۆشتنی دەرمان لە کۆمپانیاوە بۆ دەرمانخانەکان | ئەگەر جاری یەکەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣)سێ رۆژ<br>٢- پێبژاردن بەپێی کەیس<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٩) نۆ رۆژ<br>٢- پێبژاردن بۆ هەر کەیس دوو هێندە دەبێت<br>٣- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی | (٢,٥٠٠,٠٠٠)<br>(٥,٠٠٠,٠٠٠) |
| کۆگاکان | (بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی) ساختە | ١-داخستنی شوێنەکە بەپێی دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتی KMCA<br>٢-دەست بەسەداگرتن ماددەکە<br>٣- کردنەوەی دۆسیەی لێکۆلینەوە | |
| کۆگای بواری بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی | (بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی) قاچاغ | *ئەگەر بۆ جاری یەکەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣)سێ رۆژ<br>٢- دەست بەسەرداگرتنی ماددەکە بەپێی ریکاری یاسایی<br>٣- پێبژاردن کردن بە رەچاوکردنی بڕی ماددەکە<br>٤- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بەپێی دەسەڵاتی وەزارەت<br>٢- کردنەوەی دۆسیەی لێکۆلینەوەی | (٢,٠٠٠,٠٠٠)<br>تا<br>(١٠,٠٠٠,٠٠٠) |
| | بوونی دەرمانی بێ ستیکەر لە کۆگا | ئەگەر جاری یەکەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣)سێ رۆژ<br>٢- گەڕاندنەوەی دەرمانەکە بۆ کۆمپانیا<br>٣- پێبژاردن بەپێی کەیس<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٩) نۆ رۆژ<br>٢-پێبژاردن بەپێی کەیس دوو هێندە دەبێت<br>٣-وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی | (٢,٠٠٠,٠٠٠)<br>تا<br>(٤,٠٠٠,٠٠٠) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆگای بواری بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی | فرۆشتنی دەرمان بە نۆرینگە لاکۆلانەکان | ئەگەر جاری یەکەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣)سێ رۆژ<br>٢- لە ناو بردنی دەرمانەکە بەپێی یاسا و رێنماییەکان<br>٣- پێبژاردن بەپێی کەیس<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٩) نۆ رۆژ<br>٢- گەڕاندنەوەی دەرمانەکە بۆ کۆگا<br>٣- پێبژاردن بەپێی کەیس دوو هێندە دەبێت<br>٤- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی | (٢,٥٠٠,٠٠٠)<br>(٥,٠٠٠,٠٠٠) |
| | فرۆشتنی دەرمانی میری | ١-داخستنی شوێنەکە<br>٢- کردنەوەی دۆسیەی لیکۆلینەوە | |
| | لەکاتی سەردانی کردنی لیژنەی چاودێری بازار بۆ کۆگای بواری دەرمانسازییەکان و پزیشکیەکان تایبەت بە مەرجی کۆگاکردن | *ئەگەر هەر مەرجێکی کۆگاکردنی نەبوو:<br>١- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی<br>٢- پێبژاردن کردن لە بەرامبەر نەبوونی هەر مەرجێک | (٥٠٠,٠٠٠) |
| دەرمانخانە | (بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی) ساختە | ١-داخستنی شوێنەکە بەپێی دەسەڵاتی وەزارەت<br>٢- دەست بەسەر داگرتنی ماددەکە بەپێی یاسا و رێنماییەکان<br>٣- کردنەوەی دۆسیەی لێکۆلینەوەی | |
| | (بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی) قاچاغ | ئەگەر بۆ جاری یەکەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣)سێ رۆژ<br>٢- دەست بەسەر داگرتنی ماددەکە<br>٣- پێبژاردن کردن بە رەچاوکردنی بڕی ماددەکە<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە<br>٢- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی | (٢,٠٠٠,٠٠٠)<br>تا<br>(١٠,٠٠٠,٠٠٠) |
| | فرۆشتنی دەرمان بەبێ ستیکەر | ئەگەر جاری یەکەم بوو:<br>١-داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣)سێ رۆژ<br>٢- گەراندنەوەی دەرمانەکە بۆ کۆمپانیا<br>٣- پێبژاردن بۆ هەر کەیسێک<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٦) شەش رۆژ<br>٢- گەڕاندنەوەی دەرمانەکە بۆ کۆمپانیا<br>٣- پێبژاردن بۆ هەر کەیسێک دوو هێندە دەبێت<br>٤- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی | (١,٠٠٠,٠٠٠)<br>(٢,٠٠٠,٠٠٠) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | فرۆشتنی دەرمانی میری | ١- داخستنی شوێنەکە<br>٢- کردنەوەی دۆسیەی لیکۆلینەوە | |
| | لەکاتی ســەردانی کردنی لیژنەی چاودێری بازار بۆ دەرمانخانە | *ئەگەر هەر مەرجێکی کۆگاکردنی نەبوو:<br>١- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی<br>٢- پێبژاردن کردن لە بەرامبەر نەبوونی هەر مەرجێک | (٢٥٠,٠٠٠) |
| شـــوێـنە رێـگە پێنەدراوەکان | مامەڵەکردن بە بەرهەمی دەرمانسازی و پزیشکی لە شوێنە رێگە پێنەدراوەکان | ئەگەر جاری یەکەم بوو<br>١- دەست بەسەرداگرتنی دەرمانەکە<br>٢- پێبژاردن بەپێی کەیس<br>ئەگەر بۆ جاری دووەم بوو:<br>١- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٩) نۆ رۆژ<br>٢- دەست بەسەرداگرتنی دەرمانەکە<br>٣- پێبژاردن بەپێی کەیس دوو هێندە دەبێت<br>٤- وەرگرتنی بەڵێننامەی یاسایی | (٢,٠٠٠,٠٠٠)<br>تا<br>(٤,٠٠٠,٠٠٠) |
| لە کاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچی زیاتر لە دوو جار رێکار و سزای یاسایی بەکردنەوەی دۆسیەی لێکۆلینەوە دەبێت. | | | |

## پشكنینی كۆگای دەرمان

ناوی كۆگای دەرمان | بەرواری سەردان / /

ژمارەی سەردان:( )

ناونیشانی كۆگا: G.C.P.

بەرواری كردنەوەی كۆگا: / / | كاتی كردنەوە و داخستن /

خاوەنی ئیمتیاز:

بەرپرسیاری كۆگا:

| مەرجەكان |
|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پاک و خاوێنی : | پابەندە | | پابەند نییە | |
| پلەی گەرمی كۆگا | پابەندە | | پابەند نییە | |
| Data logger | هەیە | | نییە | |
| سیستەمی ئاگر كوژێنەوە | هەیە | | نییە | |
| بوونی دەرمانی ئێكسپایەر | هەیە | | نییە | |
| پابەندبوون بە نرخ | پابەندە | | پابەند نییە | |
| فرۆشتنی دەرمان بۆ شوێنی نایاسایی | هەیە | | نییە | |
| فرۆشتنەوی دەرمانی MOH | هەیە | | نییە | |
| بوونی دەرمانی قاچاخ | هەیە | | نییە | |

---

**دەرمانی دەستبە سەرداگیراو (ئەگەر هەیە)**

| **ناوی دەرمان** | **بڕ** | Batch.no | **ناوی دەرمان** | **بڕ** | Batch.no |
|---|---|---|---|---|---|
| **-١** | | | **-٦** | | |
| **-٢** | | | **-٧** | | |
| **-٣** | | | **-٨** | | |
| **-٤** | | | **-٩** | | |
| **-٥** | | | **-١٠** | | |

**<u>راپۆرتی لیژنە</u>**

**<u>بڕیاری یاسایی</u>**

**سەرۆكی لیژنە/** **ئەندام/** **ئەندام/** **مۆر و ئیمزای لێپرسراوی كۆگا:**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٥٣١٥ لە ٢٠٢٣/٣/٢٨**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٧) لە یا سای وەزارەتی تەندرو ستی هەرێمی کورد ستان- عێراق ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ و بە مەبە ستی ئا سانکاری لە جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یا سایەی سەرەوە بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی کارکردنی پزیشکانی تایبەت بە بیستن و ئاخاوتن وهاوسەنگی (پسپۆری ئۆدیۆلۆجی)**

**ماددەی (١):**

ئامانجی ئەم ڕێنماییە بریتیە لە:

١- ڕێکخستنی کاری پزیشکی پسپۆڕی ئۆدیۆلۆجی ( بیستن و ئاخاوتن و هاوسەنگی) لەبەر ئەوەی ئەم پسپۆڕیە پسپۆڕیەکی زۆر گرنگە و پێویستە کەسانی خاوەن پسپۆڕ و شارەزا هەڵسن بە ئەنجامدانی پشکنینەکانی تایبەت لە بوارە جیاوازەکانی ئەم پسپۆڕیە وەك: ( لاوازی بیستن، گێژبوون، ڕاهێنانی ئاخاوتن، کەڕ و لاڵ، دانانی ئامێری گوێبیستن، دانان و پرۆگرامکردنی ئامێری لۆلپێچی گوێ )

٢-تێکەڵنەبوونی ئەم بەشە لەگەڵ بەشەکانی دیکە.

٣-وەسفی وەزیفی بۆ پزیشکی پسپۆڕی ( ئۆدیۆلۆجی) Job Description.

٤-زیاتر خزمەتکردنی نەخۆش لەم بوارە.

**ماددەی (٢):**

**کلینیکی بیستن و ئاخاوتن و هاوسەنگی و گێژبوون:** ئەو کلینیکەیە کە لێپرسراوە لە پێشکەشکردنی پشکنینی بیستن و گێژبوون و دەست نیشانکردن و چارە سەرکردنی کێشەکانی ئاخاوتن و نەخۆشیەکانی بیستن پەیوەست بە گوێوە و هەروەها دانان و فرۆشتن و پرۆگرام کردنی هەموو جۆرەکانی گوی بیست (معینات سمعیة) و دە ست نیشان کردنی ئەو نەخۆ شانەی کە پێویستیان بە چاندنی لولپیچی گوێی ناوەوە (زرع القوقعة)، هەیە وهەروەها دروست کردنی هەموو جۆرەکانی قاڵبی گوێ بو گوێ بیست.

**ماددەی (٣):**

**پسپۆری بیستن و گیژبوون و ئاخاوتن (پسپۆری ئۆدیۆلۆجی ):-**

أ- **پزیشکی پسپۆر :** ئە و پزیشکەیە کە هەڵگری بڕوانامەی باڵایە ( دکتۆرا ، ما ستەر، دبلۆم ، لە بواری بیستن و ئاخاوتن و گێژبوون لە یەکێك لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان یان عیراق یان هاوتاکەی لە زا نکۆکانی دەرەوەی هە رێمی کوردستان و عیراق بە مەرجێك هاوتا کرابێت لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

ب- **پزیشـــکی ڕاهێنراوو:** ئەو پزیشـــکەیە کە مۆڵەتی ڕاهینانی لە پســـپۆڕی بیســـتن و گیژبوون و ئاخاوتن بە دەست هێنابێت دوای تەواو بوونی ماوەی پلەبەندی و نیشتەجێی دێرین لەم بەشەدا و بە لایەنی کەمەوە (٣) ســێ ســاڵ لە ســەنتەرەکانی بیســـتن و گیژبوون کاری کردبێت لە ژێر سەرپەرشتی پزیشکی پسپۆری بیستن و گیژبوون و ئاخاوتن (ئۆدیۆلۆجی ).

ج- **پسپۆری ئۆدیۆلۆجی:** مەرجە هەڵگری بڕوانامەی بەکەلۆریۆس و ماستەر بێت لە یەکێك لە زانکۆ زانســتە پزیشــکیەکان/ بەشــی ئۆدیۆلۆجی کە ماوەی خوێندن تیایدا ( ٤) جوار ســاڵە بە مەرجێك یەکســـانکردنی بڕوانامەی بۆ کرابێت لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســـتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

**ماددەی (٤):پسپۆریەکانی کلینیکی بیستن و گێژبوون و ئاخاوتن (ئۆدیۆلۆجی):**

ئەنجامدانی گشــت پشــکنینەکانی بیســـتن و گێژبوون بەنوێترین ئامێر وەکو ئامێری هێلکاری بیســـتن/ گێژبوون/ گوێی ناوڕاســـت/ هێلکاری بیســـتنی منداڵ، ڕاهینانی ئاخاوتن بۆ گشـــت ئەو نەخۆشـــانەی کە پێویستیان پێیەتی لەدوای ڕاست کردنی ئاستی بیستن بەگوێ بیست یان ئامێری چاندنی گوێی ناوەوە.

**ماددەی (٥):دانان و فروشتن و پروگرام کردنی گوی بیست (معینات سمعیة) و دروست کردنی قاڵبی کوێ:**

١-ئەم کارە تەنها تایبەتە بە پزیشکی پسپۆری بیستن وگێژبوون و ئاخاوتن یان پزیشکی راهینراووی بیستن وگێژبوون و ئاخاوتن و بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەنجام بدرێت لە لایەن کە سانی دیکەوە.

٢- پسپۆر و راهینراووی بیستن و گێژبوون و ئاخاوتن مافی ئەوی هەیە کە یاریدەدەری خۆی دابنیت لە کلینیکەکەیدا بۆ ئە نجام دانی پشـــکنینەکان ، وەکو دەرچووی بە شـــەکانی فیزیا وڕاهێنەری ئاخاوتن و کارمەندی هونەری بۆ قاڵب دروست کردن و چاککردنی گوی بیست کە دبیت کارەکانیان بە سەرپەرشتی پزیشکی پسپۆر یان راهینراووی ئۆدیۆلۆجی بێت و بە ئامادبوونی خۆی و باشترە یاریدەدەرەکانیان لەوانە بن کە لە ســـەنتەرەکانی بیســـتن وگێژبوون و ئاخاوتن کاردەکەن و ئەزموونی زیاتر لە ( ٣ ) سێ ساڵیان هەبێت.

**ماددەی (٦):**

پێویســـتە پزیشـــکی کلینیکەکانی بیســـتن و گێژبوون و ئاخاوتن ئەندامی ســـەندیکای پزیشـــکانی کوردســـتان بێت و پابەندی ڕێنماییە گشـــتیەکان بێت کە لە لایەن ســـەندیکاوە دەردەچێت بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی کارە هەمەجۆرەکانی کلینیکی بیستن و گێژبوون کە پێویستیان بە زیاتر لە شوێنیکە بۆ نموونە کلینیکەکە لە شوێنێك بێت و سازنگەی گوێ بیست و قاڵب لە شوێنێکی تر بێت بە مەرجێك لە ژێر ناو و سەرپەڕشتی هەمان پزیشك بێت و لەهەمان پارێزگا و شاردا بیت.

**ماددەی (٧):**کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم ڕێنماییە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٨):**ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێدەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە:٣٥٧٩ لە ٢٠٢٣/٣/٢٠**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٥) لە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە دامەزراندنی سندوقی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان**

١-صندوقێک دادەمەزرێت بە ناوی (**صندوقی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکان**) پارەدار دەکرێت لەو پێبژاردنانەی کە لەم یاسایەدا دەقی لەسەر نووسراوە و لەسەر جەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە م صندوقە سپاردە دەکرێت

٢-ئەو بڕە پارانەی کە لە ناو ئەم صندوقەی بڕگەی یەکەم هاتووە سپاردە کراو بۆ پارەدارکردن و خەرج کردنی ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی لە ماددەی (٣٨) ی ئەم یاسایەدا هاتووە نابێ بۆهیچ مەبەستێکی تر خەرج بکرێت .

٣-لیژنەی باڵای پێك هاتوو بەڕێوەبردنی ئەم صندوقە لە ئەستۆ دەگرێت وە ئەم صندوقە لە لایەن ستافێکی (کارگێری+ ژمێریاری + امین صندوق +ووردبین + یاسایی) کە لە لایەن لیژنەی باڵا دەستنیشان دەکرێت کاری کارگێری و دارایی صندوق بەرێوە دەبن .

٤- ئەو بڕە پارانەی کە بەپێی یاسا وەردەگیرێت بۆ مەبەستی صندوق دەکرێتە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم وە گەنجینەی پەیوەندیدار ڕاستەوخۆ بڕی دیاری کراو دەخرێتە سەر ئەژماری صندوقەکە.

٥- بۆ جەرخ کردنی هەر بڕە پارەیەک لەم صندوقە بە ماددەی (٤٢) شەوە لیژنەی باڵا دەسەڵتداران بەخەرج کردن بۆ مەبەستەکانی هاتوو بەپێی یاسای سەرەوە.

٦-بەپێی ماددەی (٤٢) لە یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە لیژنەی باڵا دەسەڵاتی خەرجکردنی بڕی (١٠٠٠٠٠٠) تەنها یەک ملیۆن دیناری دەبێت بۆ ئەو لایەنەی کە ماددەی هۆشبەرەکە دەستگیردەکات.

٧-صندوقەکە ئەژمێرێکی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری /جوڵەی دراو پەیرەوی سیستەمی کە نابێ کەمتر بێت لە (٣) کەس بۆ جوڵاندنی حسابی سیستەمی ژمێریاری نامەڵبەندی بکرێت ، وە لیژنەیەک پێکدەهێندرێت بۆ ئیدارەدانی صندوق یاخود بەڕێوەبردنی صندوق کە نابێ کەمتر بیت لە ( ٣) کەس بۆ چۆڵاندنی حسابی صندوقەکە پاش ڕەزامەندی لێژنەی باڵا.

٨-ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە:٣٦٧٢ لە ٢٠٢٣/٣/٢٦**

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٤**

پاڵپشـــت بە بڕگەی (دووەم) لە کۆنووســـی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (٧٠) لە ٢٠٢٢/١١/٢٩ ) تایبەت بەو فەرمانبەرانەی لە دەرەوەی وڵات درێژە بە خوێندن دەدەن بۆ مەبەستی هەموارکردنەوەی بڕوانامەکەیان بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی سـاڵی ٢٠١٤/ بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەکەم** : ئەگەر فەرمانبەر بە شـــێوەی کۆتایی خوێندنی تەواو کرد بەپێی یاســـا ڕێنماییە بەرکارەکان لەگەڵ دەست بەکاربوونی بڕوانامەی پێشکەش کرد ئەوا شایستەی دەرماڵەی بڕوانامەکەی دەبێت لە ڕێکەوتی دەســـت بە کاربوونیەوە پاش یەکســـان کردنی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی .

**دووەم** : ئەگەر فەرمانبەر دەست بەکاربوویەوە و بڕوانامەی پێشکەش نەکرد ئەوا لە ڕیکەوتی پێشکەش کردنی بڕوا نامەکەی دەر ماڵەی بڕوا نامەکەی بۆ خەرج دەکرێت پاش یەکســـان کردنی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی .

**سێیەم** :ئەو فەرمانبەرانەی کە لە ناوەوەی وڵات بڕوانامەی بە دەست دەهێنێت بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان لە ڕیکەوتی پێشکەش کردنی بڕوانامەکانیان دەرماڵەی بڕوانامەی بە دەستهاتوویان بۆ خەرج دەکرێـت بەڵام دوای یەکســـانکردنی بڕوانـامەکەی لە لایەن وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە بەپێی بڕوانامەکەی .

**چوارەم** : ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردســـتان بڵاودەکرێتەوە

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە:٣٦٧٣ لە ٢٠٢٣/٣/٢٦**

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**خەرج کردنی کرێی وانە ووتنەوە و کرێی لیژنەکان لە پەیمانگەی دادوەری**

پاڵپشت بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە/١٥١٥١ لە ٢٠٢٢/١٠/١٧ کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە(٧٤) لە ٢٠٢٣/١/١٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**یەکەم**: سەبارەت بە خەرج کردنی کرێی وانە ووتنەوە و کرێی لیژنەکان لە پەیمانگەی دادوەری :-

١- خەرج کردنی کرێی وانە ووتنەوەی کاتژمێرێک بە بڕی(٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار بۆ مامۆستا و وانەبێژی پەیمانگەی دادوەری بۆ ئەم بەڕێزانەی ئەم ناونیشانانەیان هەیە (دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی لە پۆلێنی یەکەم و دووەم و هەڵگری نازناوی زانستی پرۆفیسۆر)

٢- خەرج کردنی کرێی وانە ووتنەوەی کاتژمێرێک بە بڕی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار بۆ مامۆستا و وانەبێژی پەیمانگەی دادوەری بۆ ئەم بەڕێزانەی ئەم ناونیشانانەیان هەیە (پرۆفیسۆری یاریدەردەر و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و شارەزا و سەرپەرشتیاری دادی و پلەی سەربازی لیوا و عەمید)

٣- خەرج کردنی کرێی وانە ووتنەوەی کاتژمێرێک بە بڕی (١٥٠٠٠) پانزدە هەزار دینار بۆ مامۆستا و وانەبێژی پەیمانگەی دادوەری بۆ ئەم ناونیشانانە (هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر و پارێزەری ڕاوێژکار و پلەی سەربازی عەقید و مقدەم کە لە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس کەمتر نەبن )

٤- خەرج کردنی کرێی وانە ووتنەوەی کاتژمێرێک بە بڕی(١٠٠٠٠) تەنها دە هەزار دینار بۆ مامۆستا و وانەبێژی پەیمانگەی دادوەری بۆ (هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و بکالۆریۆس )

٥- هەژمارکردنی کرێی (٣) سێ کاتژمێر وانە ووتنەوە وەک کرێی پێشکەشکاری سیمیناری زانستی لە پەیمانگەی دادوەری بەپێی ناونیشانەکانی هاتوو لە خاڵەکانی (٤،٣،٢،١) و لە مانگێکدا تەنها کرێی یەک سیمینار خەرج دەکرێت بۆ هەمان پێشکەشکاری سیمینار .

٦- خەرج کردنی هەمان ئەو بڕە پارانەی هاتوو لە خاڵەکانی(٤،٣،٢،١) بە پێی ناونیشانەکانیان بۆ مامۆستایان و وانەبێژانی پەیمانگەی دادوەری لە کاتی بەشداریکردنیان لە لیژنەکانی سەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوە و چاودێریکردنی هۆڵەکانی تاقیکردنەوە و نارەزایی و دانانی پرسیار و ڕاستاندنی دەفتەری وەڵامەکان بەپێی کاتژمێری کارکردن بەو مەرجانەی خوارەوە :-

أ- بۆ هەرئەندامێک لە لیژنەی چاودێری و دانانی پرسیار و ڕاستاندنی دەفتەری وەڵامەکان لە (٣) سێ کاتژمێر ڕۆژانە زیاتر نەبێت و تەنها بۆ (٥) پێنج ڕۆژ خەرج دەکرێت .

ب- بۆ هەر ئەندامێکی لیژنەی تاقیکردنەوە ڕۆژانە لە (٣) سێ کاتژمێر زیاتر نەبێت , و تەنها بۆ (٥) پێنج ڕۆژ خەرج دەکرێت .

٧- خەرج کردنی هەمان ئەو بڕە پارانەی هاتوو لە خاڵی (١) بۆ سەرۆک و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەنی پەیمانگەی دادوەری لە کاتی بەشداریکردنییان لەو لیژنانەی کە لە خاڵی (٦) ئاماژەیان پێکراوە لە خولەکانی وەرگرتنی قوتابییانی پەیمانگەی دادوەری بۆ ئامادەکردنیان وەک دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی تاکو دەرچوونیان بەمەرجێک ڕۆژانە بۆ هەر ئەندامێک لە (٣) سێ کاتژمێر زیاتر نەبێت وە تەنها بۆ (٥) پێنج ڕۆژ خەرج دەکرێت .

٨- ئەم بڕە پارانەی کە لە خاڵەکانی (٤،٣،٢،١)دا هاتووە بۆ هەر وانەبێژەک لە پەیمانگەی دادوەری بە پێی ناونیشانەکەی خەرج دەکرێت کە سەرەڕای کارەکەی خۆی ئەرکی وانەبێژی لە پەیمانگەی دادوەری ئەنجام دەدات .

٩- هەر مامۆستایەکی میلاک یاخود ئینتیدابکراو و تەنسیبکراوی تایبەت بە وانە ووتنەوە لە پەیمانگەی دادوەری بەشە وانەی هەفتانەیان بە پێی ناونیشانەکانیان یاخود بڕوانامەکانیان بەم شێوەیە دەبێت .

| ژ | ڕوونکردنەوە | کاتژمێر |
|---|---|---|
| ١ | دادوەر و ئەندامی داواکار گشتی پۆلینی یەکەم و دووەم و هەڵگری نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر و شارەزا و سەرپەرشتیاری دادی | (٨) کاتژمێر |
| ٢ | هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر | (١٠)کاتژمێر |
| ٣ | هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا | (١٢)کاتژمێر |
| ٤ | هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس | (١٤)کاتژمێر |

**دووەم:**سەبارەت بە سەرپەرشتیارانی توێژینەوەی زانستی قوتابییانی پەیمانگەی دادوەری :-

١- خەرج کردنی بڕی(٣٠٠٠٠٠) تەنها سێ سەد هەزار دینار بۆ یەکجار سەرپەرشتیارانی توێژینەوەی زانستی قوتابییانی پەیمانگەی دادوەری بە مەرجی هەبوونی مەرجەکانی سەرپەر شتیاری بە پێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەی دادوەری .

٢- خەرج کردنی بڕی(١٢٠٠٠٠) تەنها سەد و بیست هەزار دینار بۆ یەکجار بۆ هەریەک لە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ یاخود هەڵسەنگێنەرانی توێژینەوەی زانستی قوتابییانی پەیمانگەی دادوەری .

٣- سەبارەت سەرپەرشتیارانی توێژینەوەی قوتابی لە پەیمانگەی دادوەری لە خولەکانی وەرگرتنی قوتابی بۆ ئامادەکردنیان وەک دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی نابێت مامۆستایان پلەی زانستییان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پۆلینی دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی لە یەکەم و دووەم و پلەی پارێزەر لە ڕاوێژکار کەمتر بێت .

٤- ئەنجومەنی پەیمانگەی دادوەری بڕیار لەســـەرە ئەوە دەدات کە توێژینەوەی زانســـتی قوتابییانی پەیمانگەی دادوەری لە ڕێگای لیژنەی گفتوگۆ تاوتوێ بکرێت یاخود لە ڕێگای سێ هەڵسەنگێنەر .

**ســـێیەم** : خەرجکردنی دەرماڵەی نیشـــتەجێبوون بە بڕی (٢٠٠٠٠٠)تەنها دوو ســـەد هەزار دینارە بۆ هەر قوتابیەکی پەیمانگا کە لە دەرەوەی شاری هەولێرەوە هاتبێت بۆ خوێندن لە پەیمانگا پاڵپشت بەم بەڵگەنامانەی خوارەوە :-

١-پێناسەی باری شارستانی .

٢- کارتی زانیاری .

٣- پسوولەی خۆراک .

**چوارەم**: ئەو پارێزەرەی لە پەیمانگای ناوبراو وەردەگیرێت دەرماڵەیەکی تایبەتی مانگانە وەردەگرێت بە قەدەر ئەو مووچە و دەرماڵەی نیشتەجێبوونی قوتابیانی دەرەوەی هەولێر(پارێزەر , فەرمانبەر)

**پێنجەم** :کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە .

**شـــەشـــەم** : ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە:٣٧٧٣ لە ٢٠٢٣/٣/٢٨**

**بڕیاری گومرگی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشـــت بە بەندی ژمارە (١٧٠) لە یاســـای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ســـاڵی ١٩٨٤ وە لەســـەر داواکاری بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی گومرگ بۆ بەرژەوەندی گشـــتی و ئاســـانکاری کردنی کاروباری بازرگانی و گومرگی تایبەت بەدەرهێنانی تێنووس (دفتر)ی ڕێگەپێدان بۆ (ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان) بڕیارماندا بە:

**یەکەم**

١- وەرگرتنی کرێی پشکنین بە بڕی (١٠$) دە دۆلار بۆ تێنوس (دفتر)

٢- وەرگرتنی (١$) یەک دۆلار وەک بەهای فۆرم.

٣- وەرگرتنی (١$) یەک دۆلار وەک پولی دارایی.

**دووەم:** ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٧٧٨٤ لە ٢٠٢٣/٢/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (ئاکۆیان)**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێمان دراوە لە یاســای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ســاڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە رێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو و نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ژمارە (١١١٥) لە ٢٠٢٣/٣/٦ و دوابەدوای نووســراو مان ژمارە (٣٨١٩) لە ٢٠٢٣/٢/٢ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارماندا بە:-

- فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**ئاکۆیان**) سەر بەقەزای رواندز / ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١/١) لە کەرتی (٢٩) ئاکۆیان بە رووبەری (٢٦٥) دۆنم وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە ودەست هەڵگرتنی بکرێت
- ئەو بەیانە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان )

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٧٧٨٥ لە ٢٠٢٣/٢/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هێنانە کایەی گوندی (گاینجی سەربەست)**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێمان دراوە لە یاســای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ســاڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە رێنماییمان ژمارە (١)ی ســاڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو و نووســراوەکانی پارێزگای هەولێر ژمارە (٣٢٩٤) لە ٢٠٢٢/٦/٢٩ و (٥٥٥٧) لە ٢٠٢٢/١٠/٣١ و دوابەدوای هەر دوونووســراو مان ژمارە (١٧٠٠٧) لە ٢٠٢٢/٨/١٠ و (٢٥٤٧٥) لە ٢٠٢٢/١١/١٤ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ بڕیارماندا بە:-

- هێنانە کایەی گوندی (**گاینجی سەربەست**) سەر بە ناحیەی کەورگۆسک / قەزای خەبات / پارێزگای هەولێر لە ســەر پارچە زەوی ژمارە (١/٤) لە کەرتی (٥٣) گاینج بە رووبەری (١٤) دۆنم و (١٥) ئۆلک و (٥)م٢ وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای هەولێر هاتووە بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتنی بۆ بکرێت .
- ئەو بەیانە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان )

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٢٠٦٧ لە ٢٠٢٣/٤/٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٠ و لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاوی ڕاپەڕین.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچونی جێبەجێ دەکرێت وە لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاوی سۆران .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچونی جێبەجێ دەکرێت وە لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاوی سۆران.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچونی جێبەجێ دەکرێت وە لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری سۆران .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچونی جێبەجێ دەکرێت وە لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری زاخۆ .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچونی جێبەجێ دەکرێت وە لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

١- کردنەوەی (استحداث) بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری ڕاپەڕین.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچونی جێبەجێ دەکرێت وە لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد تاڵەبانی**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( بەشی گرێبەستە گشتییەکان) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/١٣.

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( بەشی گرێبەستە گشتییەکان) لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/١٥.

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( بەشی گرێبەستە گشتییەکان) لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/١٥.

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( هۆبەی مامانی) سەر بەبەشی پلان / لەبەڕێوەبەرایەتی گشتییە تەندروستییەکانی ( هەولێر - دهۆک – کۆیە – سۆران – زاخۆ) .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/١٣.

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( یەکەی ڕاگەیاندن) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سمێل ، سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/٢٦.

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (سەنتەری دهۆك تایبەت بە فێرکردنی پزیشک و نەشتەرگەری دەم و ددان ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/٢٨.

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (سەنتەری دهۆك تایبەت بە پشکنین و تاقیگە ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٣/٢٨.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**اقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٧) لسنة ٢٠٢٣**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (اولاً) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءً على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (١) بتاريخ ٢٠٢٣\٣\١، قررنا إصدار:

**القانون رقم (١٧) لسنة ٢٠٢٢**
**قانون التعديل الأول لقانون مجلس الشورى**
**لإقليم كوردستان - العراق رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٨**

**المادة (١):**

يعدل نص المادة (الأولى) من القانون بإضافة الفقرات (ثانياً) و(خامساً) و(سادساً) إليها وتغيير تسلسل فقراتها وفقاً لذلك، ويقرأ على الوجه الآتي:-

**أولاً: الإقليم**: إقليم كوردستان - العراق.

**ثانياً: الوزير**: وزير العدل في الإقليم.

**ثالثاً: المجلس**: مجلس شورى الإقليم.

**رابعاً: الرئيس**: رئيس المجلس.

**خامساً: المستشار**: المستشار في المجلس.

**سادساً: المستشار المساعد**: المستشار المساعد في المجلس.

**المادة (٢):**

يعدل نص المادة (الثانية) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

يؤسس في الإقليم مجلس باسم (مجلس شورى إقليم كوردستان - العراق) يرتبط إدارياً بالوزير، ويتألف من رئيس ونائبين، أحدهما لشؤون القضاء الإداري والآخر لشؤون التشريع والاستشارة، ومستشارين لا يقل عددهم عن (٨) ثمانية مستشارين ولا يزيد على (١٢) اثني عشر مستشاراً، ومستشارين مساعدين لا يزيد عددهم على نصف عدد المستشارين.

**المادة (٣):**

يعدل نص المادة (الرابعة) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

يتكون المجلس من:-

**أولاً: الهيئة العامة:-**

١- تتألف الهيئة العامة من الرئيس ونائبيه والمستشارين، وتعقد جلساتها برئاسة الرئيس أو أحد نائبيه، والذي يحدده الرئيس.

٢- يتحقق النصاب القانوني لجلسات الهيئة العامة بحضور (٤/٣) ثلاثة أرباع أعضائها.

٣- تتخذ قرارات الهيئة العامة بأغلبية أصوات الحاضرين، وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

٤- يشارك المستشارون المساعدون في جلسات الهيئة العامة دون أن يكون لهم الحق في التصويت.

**ثانياً: هيئة الرئاسة:** تتألف من الرئيس ونائبيه وأقدم مستشارين اثنين في المجلس.

**ثالثاً: المحكمة الإدارية العليا:** تشكل برئاسة الرئيس أو من يخوله من المستشارين وعضوية (٤) أربعة مستشارين و(٢) مستشارين مساعدين، تسميهم هيئة الرئاسة. وتحل عبارة (المحكمة الإدارية العليا) محل عبارة (الهيئة العامة) في مجال ممارسة الاختصاصات القضائية أينما ورد ذكرها في هذا القانون.

**رابعاً: محكمة القضاء الإداري:** تشكل برئاسة قاض من الصنف الأول وعضوية قاضيين من الصنف الثاني أو الثالث أو عضوية قاض ومستشار، وتحل عبارة (محكمة القضاء الإداري) محل عبارة (المحكمة الإدارية) أينما ورد ذكرها في هذا القانون وأي قانون آخر نافذ في الإقليم.

**خامساً: محكمة قضاء موظفي الإقليم:** تشكل برئاسة نائب رئيس المجلس لشؤون القضاء الإداري وعضوية اثنين من المستشارين تسميهما هيئة الرئاسة، وعند غياب نائب الرئيس يرأس المحكمة المستشار الأقدم. وتحل عبارة (محكمة قضاء موظفي الإقليم) محل عبارة (هيئة انضباط موظفي إقليم كوردستان - العراق) أينما ورد ذكرها في هذا القانون وأي قانون آخر نافذ في الإقليم.

**المادة (٤):**

يعدل نص المادة (السادسة) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

يختص المجلس بمهام القضاء الإداري، والمشورة وصياغة وإعداد ومراجعة وتدقيق مشروعات القوانين، وإبداء الرأي في المسائل القانونية الموجهة إليه من قبل مؤسسات الإقليم.

**المادة (٥):**

تعدل الفقرة (أولاً) من المادة (الثانية عشرة) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:-

**أولاً:** تؤسس محكمة القضاء الإداري في مراكز محافظات الإقليم وحسب مقتضيات المصلحة العامة.

**المادة (٦):**

يعدل نص المادة (الرابعة عشرة) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

يخضع قرار محكمة القضاء الإداري للطعن تمييزاً خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من اليوم التالي لتبليغه أو اعتباره مبلغاً، من قبل الطاعن أو ممثله القانوني أو الإدعاء العام بعد إخطاره، أمام المحكمة الإدارية العليا، ويكون قرار المحكمة بنتيجة الطعن باتاً.

**المادة (٧):**

يعدل نص المادة (السابعة عشرة) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:

**أولاً:** يشترط قبل تقديم الطعن إلى محكمة القضاء الإداري التظلم من القرار لدى الجهة التي أصدرته أو رئاسة الجهة التي أصدرت القرار، خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ تبليغ صاحب المصلحة بالقرار الإداري أو اعتباره مبلغاً، وعلى تلك الجهة الإدارية البت في التظلم خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ تسجيله.

**ثانياً**: عند عدم البت في التظلم أو رفضه من الجهة الإدارية المختصة على المتظلم أن يقدم طعنه إلى المحكمة خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ رفض التظلم حقيقة أو حكماً، وبخلافه يسقط حقه في الطعن بالقرار.

**ثالثاً**: لا يمنع سقوط الحق في الطعن بموجب الفقرة (ثانياً) من هذه المادة من المطالبة بالتعويض أمام محكمة القضاء الإداري عن الأضرار الناجمة عن القرار.

**المادة (٨):**

يلغى نص المادة (التاسعة عشرة) من القانون، ويحل محله النص الآتي:-

**أولاً**: تختص المحكمة الإدارية العليا بالنظر فيما يأتي:-

١- الطعن في القرارات والأحكام الصادرة عن محكمة القضاء الإداري ومحكمة قضاء موظفي الإقليم.

٢-أي تنازع حول تعيين الاختصـــاص في نظر الدعوى يقع بين محاكم القضـــاء الإداري في الإقليم أو بين محكمة القضاء الإداري ومحكمة قضاء موظفي الإقليم.

٣-أي تنازع حول تنفيذ حكمين متناقضين مكتسبين درجة البتات صادرين عن محكمة القضاء الإداري أو محكمة قضـــاء موظفي الإقليم في موضـــوع واحد إذا كان بين أطراف الدعوى أنفســـهم أو كان أحدهم طرفاً في هذين الحكمين، وفي هذه الحالة تقرر ترجيح أحد الحكمين وتنفيذه دون الآخر.

**ثانياً**: تمارس المحكمة الإدارية العليا الاختصاصات التي تمارسها محكمة التمييز بالصفة التمييزية المنصوص عليها في قانون المرافعات المدنية النافذ في الإقليم عند نظر الطعن في قرارات محكمة القضاء الإداري ومحكمة قضاء موظفي الإقليم فيما يتعلق بالاختصاصات الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**المادة (٩):**

يعدل نص المادة (العشرون) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

**أولاً**: تختص محكمة قضاء موظفي الإقليم بالنظر في الدعاوى التي يقيمها الموظف بموجب قانون الخدمة المدنية رقم (٢٤) لسنة ١٩٦٠ المعدل وقانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم (١٤) لسنة ١٩٩١ المعدل أو ما يحل محلهما أو أي قانون أو نظام آخر ينظم الوظيفة العامة.

**ثانياً**: يسقط حق الموظف في إقامة الدعوى بموجب الفقرة (أولاً) من هذه المادة بعد مضي (٣٠) ثلاثين يوماً من تأريخ اليوم التالي لتبليغه بالقرار أو القرار المطعون فيه إذا كان داخل العراق، و(٦٠) ستين يوماً إذا كان خارج العراق.

**ثالثاً**: يكون قرار محكمة قضاء موظفي الإقليم في الدعاوى المشار إليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة قابلاً للطعن فيه لدى المحكمة الإدارية العليا خلال مدة (٣٠) ثلاثين يوماً من تبليغه أو اعتباره مبلغاً، ويكون قرار المحكمة الإدارية العليا الصادر بنتيجة الطعن، وقرار محكمة قضاء موظفي الإقليم إذا لم يطعن فيه خلال المدة القانونية، باتاً وملزماً.

**المادة (١٠):**

تعدل المادة (الحادية والعشرون) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:-

تطبق أحكام قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ المعدل، وقانون أصول المحاكمات الجزائية رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل، وقانون الإثبات رقم (١٠٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل، وقانون الرسوم العدلية رقم (١١٤) لســنة ١٩٨١ المعدل، أو ما يحل محلها، بما يتلاءم مع طبيعة الدعوى المنظورة من قبل كل من المحكمة الإدارية العليا ومحكمة القضاء الإداري ومحكمة قضاء موظفي الإقليم.

**المادة (١١):**

يعدل نص المادة (الثانية والعشرون) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

تمارس هيئة الرئاسة المهام الآتية:-

**أولاً**: إحالة مشروعات القوانين وأي طلب لرأي قانوني مرسل إليها بموجب أحكام هذا القانون، إلى الهيئة العامة لغرض دراستها واتخاذ القرار اللازم بشأنها.

**ثانياً**: رفع تقرير سنوي أو عند الاقتضاء إلى رئاسة مجلس الوزراء حول نواقص وغموض القوانين النافذة وتجاوز وإساءة استخدام السلطة الإدارية.

**المادة (١٢):**

يعدل نص المادة (الثالثة والعشرون) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

**أولاً**: يشترط في كل من الرئيس ونائبيه والمستشارين، إضافة إلى الشروط العامة للتعيين، أن تكون لكل منهم خدمة فعلية بعد التخرج من كلية القانون لمدة (٢٠) عشرين سنة، وبالنسبة للمستشار المساعد لمدة (١٥) خمس عشرة سنة، في الوظيفة القضائية أو المحاماة أو القانونية أو الأكاديمية في مجال القانون.

**ثانياً**: تنظم آليات ترشيح الرئيس والمستشارين بتعليمات يصدرها الوزير.

**المادة (١٣):**

تضاف ثلاث فقرات بتسلسل (ثالثاً) و(رابعاً) و(خامساً) إلى المادة (الخامسة والعشرين ) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:-

**ثالثاً**: يؤدي كل من الرئيس ونائبيه والمستشارين، من غير القضاة، اليمين القانونية أمام رئيس الإقليم وبالصيغة الآتية (أقسم بالله العظيم أن التزم بأداء واجباتي وأن أطبق القانون بأمانة ونزاهة وإخلاص، وأن أقضي بالحق).

**رابعاً**: يمارس كل من الرئيس ونائبيه والمستشارين والمستشارين المساعدين مهام القضاء الإداري لأغراض هذا القانون.

**خامساً**: مع مراعاة شرطي الصنف والمدة، تحتسب خدمة القضاة العاملين في المحكمة الإدارية العليا لمدة سنتين منذ تأسيس المجلس، خدمة قضائية لأغراض تطبيق الفقرة (ثالثاً) من المادة (٣٧) من قانون السلطة القضائية لإقليم كوردستان – العراق رقم (٢٣) لسنة ٢٠٠٧.

**المادة (١٤):**

تعدل الفقرتان (أولاً) و(ثانياً) من المادة (السادسة والعشرون) من القانون، وتقرآن على الوجه الآتي:-

**أولاً:** يكون الرئيس بدرجة خاصة ويتقاضى راتب ومخصصات وكيل الوزارة.

**ثانياً:** يكون نائبا الرئيس والمستشارون بدرجة خاصة ويتقاضون راتب ومخصصات المستشار.

**المادة (١٥):**

تعدل الفقرة (أولاً) من المادة (السابعة والعشرون) من القانون، وتقرأ على الوجه الآتي:-

**أولاً:** للوزير بموافقة وزير التعليم العالي والبحث العلمي انتداب (٤) أربعة أعضاء من الهيئة التدريسية في جامعات الإقليم ممن يحملون شهادة الدكتوراه في القانون ولا تقل مرتبتهم العلمية عن أستاذ مساعد، وبموافقتهم التحريرية كمستشارين متفرغين لمدة (٣) ثلاث سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة، ويتمتعون لهذا الغرض بالحقوق والمستحقات المالية والامتيازات ذاتها التي يتمتع بها مستشار الخدمة الدائمة في المجلس.

**المادة (١٦):**

يعدل نص المادة (الرابعة والثلاثون) من القانون، ويقرأ على الوجه الآتي:-

**أولاً:** يصدر الوزير التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**ثانياً:** للمجلس إصدار نظامه الداخلي.

**المادة (١٧):**

لا يعمل بنص أي قانون أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة (١٨):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٩):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

بغية إعادة تنظيم هيكلية وسلطات واختصاصات مجلس شورى الإقليم على الوجه الذي يضمن الكفاءة والقدرة السريعة في مجال القضاء الإداري والتشريع والاستشارات القانونية وإبداء الرأي، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٣ / ٤ /٢٠٢٣**

**رئاسة مجلس الوزراء**

**رقم : ٣٥٨٤ في ٢٠٢٣/٣/٢٦**

استناداً إلى أحكام الفقرة (٣) من المادة (الثامنة) من قانون مجلس وزراء إقليم كوردستان – العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والفقرة (ثانياً) من المادة (٥) من قانون هيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي في إقليم كوردستان – العراق رقم (٦) لسنة ٢٠٢٢، قرر مجلس الوزراء بجلسته المرقمة (١٠٢) بتأريخ ٢٠٢٣/٢/٨، إصدار النظام الآتي:

## نظام رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٣
## نظام المجلس الأعلى لهيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي في إقليم كوردستان – العراق

**المادة (١):**

يقصد بالتعابير الآتية لأغراض هذا النظام المعاني المبينة إزاءها:

**أولاً: الإقليم:** إقليم كوردستان – العراق.

**ثانياً: مجلس الوزراء:** مجلس وزراء الإقليم.

**ثالثاً: القانون:** قانون هيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي في الإقليم رقم (٦) لسنة ٢٠٢٢.

**رابعاً: هيئة الاعتماد:** هيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي في الإقليم.

**خامساً: المجلس الأعلى:** المجلس الأعلى لهيئة الاعتماد.

**سادساً: مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي:** مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي التابعة لكل من وزارتي التربية والتعليم العالي والبحث العلمي في الإقليم، وأي مؤسسة تربوية أو تعليمية أخرى في كل من القطاع العام والخاص والمختلط في الإقليم.

**المادة (٢):**

**أولاً:** يؤسس مجلس باسم (**المجلس الأعلى لهيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي في الإقليم**) يرتبط مباشرة بمجلس الوزراء، ويتمتع بالاستقلال المالي والإداري، ويشرف على هيئة الاعتماد، ويصادق على المعايير والسياسات الملائمة للاعتماد وقواعد وضوابط تنفيذها في إطار القانون، ويتألف من:

| | |
|---|---|
| ١- رئيس مجلس الوزراء | رئيساً للمجلس الأعلى |
| ٢-نائب رئيس مجلس الوزراء | نائباً لرئيس المجلس الأعلى |
| ٣-وزير التربية | عضواً |
| ٤-وزير التعليم العالي والبحث العلمي | عضواً |

**ثانياً:** للمجلس الأعلى دعوة أي وزير أو شـخص آخر من الخبراء والمختصـين في الحكومة أوخارجها لحضور اجتماعاته عند الضرورة، دون أن يكون لهم الحق في التصويت.

**ثالثاً:** تكون للمجلس الأعلى سـكرتارية، تدار من قبل أمين عام يعين بأمر من رئيس المجلس الأعلى، على أن يكون حاملاً لشهادة الدكتوراه في الأقل ومن ذوي الخبرة والممارسة في مجال اختصاصات المجلس الأعلى لمدة لا تقل عن (٧) سبع سنوات، وتحدد اختصاصاته بقرار من المجلس الأعلى.

**المادة (٣):**

يهدف المجلس الأعلى إلى تحقيق ما يأتي:

**أولاً:** الحفاظ على جودة التربية والتعليم العالي عن طريق تنمية ثقافة التقييم والتطوير المسـتمر مع مراعاة الآليات والمعايير الدولية المعمول بها بعد مواءمتها مع الأوضـاع الخاصـة في الإقليم وعلى الوجه المناسب لتنفيذها.

**ثانياً:** رفع المسـتوى التربوي والعلمي لمؤسـسـات التربية والتعليم العالي لغرض إعداد جيل مسـؤول وواعي ومثمر.

**ثالثاً:** العمل من أجل تحقيق التوازن في جودة التربية والتعليم العالي بين مؤسـسـات التربية والتعليم العالي في كل من القطاع العام والخاص والمختلط في الإقليم.

**المادة (٤):**

يمارس المجلس الأعلى الاختصاصات الآتية:

**أولاً:** المصادقة على المعايير والسياسات الملائمة للاعتماد.

**ثانياً:** المصادقة على قواعد وإجراءات تنفيذ معايير وسياسات الاعتماد.

**ثالثاً:** المصـادقة على النظام الداخلي لهيئة الاعتماد لغرض تحديد تشـكيلاتها ودوائرها وفروعها ومهامها واختصاصاتها، بعد اقتراحه من قبل هيئة الاعتماد.

**رابعاً:** المصادقة على موازنة هيئة الاعتماد في إطار الموازنة العامة للإقليم.

**خامساً:** اختيار رئيس هيئة الاعتماد.

**سادساً:** المصـادقة على قبول المسـاعدات والمنح والتبرعات والهبات التي تقدم لهيئة الاعتماد، أياً كان مصـدرها، لتحقيق الأهداف الواردة في القانون وتحديد أوجه صـرفها لأغراض القانون في إطار موازنة هيئة الاعتماد.

**سابعاً:** المصـادقة على اعتماد الشـركاء الدوليين والداخليين لهيئة الاعتماد لتحقيق أهداف القانون بعد اقتراحهم من قبل هيئة الاعتماد واختيار أكثرهم ملاءمة للإقليم.

**ثامناً:** أي اختصاصات أخرى تناط بالمجلس الأعلى من قبل مجلس الوزراء لأغراض القانون.

**المادة (٥):**

يحدد المجلس الأعلى بنظام آلية الدعوة إلى انعقاد اجتماعاته وإعداد برنامج العمل والمحاضر والقرارات وآلية اتخاذ القرار.

**المادة (٦):**

عدا ما يتعلق بوضع معايير اعتماد و تقييم مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي، لا تحل التشكيلات الواردة في القانون وهذا النظام محل الوزارات ذات العلاقة فيما يخص اختصاصاتها بموجب القوانين الخاصة بتلك الوزارات.

**المادة (٧):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا النظام.

**المادة (٨):**

ينفذ هذا النظام من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسرور بارزاني**
**رئيس مجلس الوزراء**

**الأسباب الموجبة**

بغية تنفيذ أحكام قانون هيئة اعتماد مؤسسات ومناهج التربية والتعليم العالي في إقليم كوردستان - العراق رقم (٦) لسنة ٢٠٢٢، صدر هذا النظام.